http://back.to/kurd

# کۆمەڵگای مەلا مەدەنی

حەمەسەعید حەسەن

مەلا بەختیار کە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە و لە پێناوی ڕۆنانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، ئەستوورترین گۆڤار بەناوی (مەدەنییەتە)ەوە دەردەکات و چالاکانە تێیدا دەنووسێ، هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ ئۆتۆمبیلێك لە هاووڵاتییەك زەوت دەکات. کە هاووڵاتییەکە داوای مافی خۆی دەکا، دەنێرێ دەیهێنن و فڕێی دەدەنە زیندانەوە.

مەلا بەختیاری وەستای تەلاری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی بە هێندەیش دڵی ئاو ناخواتەوە، دەچێ لە زیندان هاووڵاتییە ماشێن لێ زەوتکراوەکە دەداتە بەر هەڕەشەو جنێو، تا بترسێ و دەمی دابخا.

کابرای ماشێن دزراو بە مەلا دەڵێ:

تۆ ناتوانی مافی من بخۆی، ئاخر من مامی جەبار ئەمینم کە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەوزەکانی سویدە. بەو دەڵێم دنیات لێ پڕ بکا.

ئیدی مەلا بەختیار، (چونکە باس لە سەیارە دزینە، هانا بۆ دەربڕینێکی نێو شوفێران دەبەم،) بەگ دادەنێ. ئەو هاووڵاتییە لە سۆنگەی ئەو زوڵمەوە کە مەلا بەختیار لە کوردستان لێی کردبوو، لە سوید بە پەنابەر وەرگیرا.

*

ینك مەلا بەختیاری بەردابووە گیان ئەو نووسەرانەی لە (ڕامان) و (گوڵان)دا دەیاننووسی و هاتوچۆی هەولێریان دەکرد.

١٩٩٧/١٢/٨ مەد تیڤی لەسەر داخوازی نووسەری ئەم دێڕانە، بەرنامەی (دەنگی گەل)ی بۆ ئەو گوشارەی یەکێتی بۆ نووسەرانی سلێمانیی هێنا بوو، تەرخان کرد.

مەلا بەختیار لەو بەرنامە زیندووەدا بە تەلەفۆن، گوتی: ( بە ئاسمانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە، دیموکراتی وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە،) بە مەرجێ هەر ئەو ڕۆژە چەکدارانی ینك لەسەر خواستی ئێران پێنج ئەندامی حیزبی دیمکراتی کوردستانیان، کە یەکێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە بوو، لە بازگەی کۆیە، کوشتبوو.

*

مەلا بەختیار و فەرەنسۆ هەریری، لە پەرلەماندا، دەبێ بەدەمە قاڵەیان، مەلا بە هەریری دەڵێ:

- تۆ بەدرێژایی تەمەنت چا پەزی(چایچی) ماڵی بەرزانی بووی.

هەریریش بە مەلا دەڵێ:

**ڕاست دەکەی، تەنانەت چەندان جار قۆرییە چایشیان بەسەر و چاومدا کردووە، بەڵام هەرگیز ڕێ نەکەوتووە، میزم پێدا بکەن، وەك سەرکردایەتیی ینك، ئەو وەختەی لە بەرگەڵوو زیندانی بووی، بە تۆیاندا کرد.

**٢٠٠١/٦/١٠**